

# مەرگی ئیبراهیم یونسی، کۆتاییەک بۆ سەردەمی درەوشاوەی وەرگێڕان

**ئامادەکردنی: نازی عەزیما**
**و. لە فارسییەوە: حەمە قادر**



ئیبراهیم یونسی، وەرگێڕ و نووسەری پڕکار و کەمدەنگ، ڕۆژی چوارشەممە ٢٠١٢/٢/١٩ لە تاران کۆچی دوایی کرد. ئیبراهیم یونسی لە گرووپی ئەو ڕۆشنبیرە پابەند و بەرپرسیارانە بوو کە دەیویست جیهان بۆ هەموو کەس بکاتە شوێنێکی باشتر. هەر بۆیە لە سەرەتاوە ڕووی لە خەباتی سیاسی کرد. خەباتێکی شکستخواردوو. شکستی سیاسی یونسی لە ڕێگەکەی پاشگەزی نەکردەوە و بەرەو هەڵبژاردنێکی دژوارتر و درێژخایەنتر، بەڵام قوڵتر و نەمرتر هەنگاوی نا. بڕیاری دا لەڕێگەی بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری خەڵکەکەی، ڕۆڵی خۆی لە پێشکەوتنی کۆمەڵگادا بگێڕێت. لەبری ئەوەی وەك پەندێکی کۆن دەڵێت (ماسی بداتە برسییەکان تا بۆ ڕۆژێك تێریان بکات، فێری ڕاوەماسی دەکردن تا بەدرێژایی ژیانیان پێویستیان بە کەس نەبێت). زیاتر لە هەشتا بەرگ کتێب کە وەك وەرگێڕ ناوی ئیبراهیم یونسیان لەسەر نووسراوە لەماوەی تەمەنی هەشتاوپێنج ساڵیدا، شایەتی ئەم هەوڵە گەورەیەن. ئەم وەرگێڕە گەورەیە لە وەرگێڕاندا بە وریاییەوە کتێبەکەی هەڵدەبژارد بۆئەوەی لەگەڵ قورسایی ئەو بارە فەرهەنگییەی کە لەسەر شانی نابوو، یەکانگیر بێت. بەرهەمی چەندین نووسەری وەك ڤیکتۆر هۆگۆ، چارلز دیکنز، هاوار فاست، دستۆیۆفسکی، ئەی. ئێم. فۆرستەر، برتراند ڕاسڵ، جۆرج ئیلۆت، تۆماس هاردی، ماکسیم گۆرگی و چیخۆفی وەرگێڕا. لە بواری مێژوویی و ڕەخنەی ئەدەبیشدا چەند کتێبی مەرجەعی وەك گەشت بەناو ئەدەبی خۆرئاوادا، گەشت بە ئەدەبی ڕوسیادا، ئەدەبی ئەفریقا و مێژووی ئەدەبی یۆنان و لە هەمووی گرنگتر چوار بەرگی مێژووی کۆمەڵایەتی هونەری وەرگێڕاوە، کە بەرهەمی کارێکی پڕ لەزەحمەت و سەبر و تاقەتێکی لەڕادەبەدەر بوو. وەرگێڕان لای ئەو پڕبوو لە قەلەقی نەك کارێکی تەکنیکی، وەسواسی ئەم وەرگێڕە بەڕادەیەك بوو کە دوای وەرگێڕانی کتێبێکی ٧٠٠ لاپەڕەیی بەناوی (شێرلی) لە نووسینی شارلۆت برۆنتە، لەبەرئەوەی بە کتێبێکی دژە کرێکاری زانی، چاپی نەکرد، خۆی دەڵێت: «لەبەرئەوەی بیر لە چاپکردنی نەکەمەوە، دڕاندم».

## منداڵی لە بانە

ئیبراهیم یونسی لە ساڵی ١٩٢٧ لە شاری بانە کە لەوکاتەدا پێی دەوترا (قەسەبە)، لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لەدایك بوو. دەربارەی ساڵی لەدایکبوونی دەڵێت: «ئەم مێژووە ڕەنگە ڕاست نەبێت، شوناسنامە زۆر درەنگ گەیشتە کوردستان وەك هەموو شتەکانی تر. ساڵی ١٩٣٢ یان ١٣١١ بوو کە شوناسنامەیان بۆ دەرکردم. لەبیرمە لەبەر جیاوازیی تەمەنم زۆرجار دایکم و باوکم کێشەیان بۆ دروست دەبوو. دایکم دەیوت تەمەنی برایم زۆر نووسراوە و باوکم دەیوت ڕاست نووسراوە. دایەگەورەم لە سیستمی بەزۆرناردن بۆ سەربازیی دەترسا و دەیوست تا ئەو شوێنەی دەتوانێت ڕۆیشتنم بۆ سەربازیی دوابخات. هەربۆیە هەوڵی دەدا بە بچووکترم بداتە قەڵەم».
بەپێچەوانەی خەڵکی تر کە ئەمە دەکەنە بیانوویەك بۆ تەمەنێکی کەمتر لە پێناسەکەیان، دەڵێت: «بەپێی ئەو ڕووداوانەی کە لەیادم ماوە، پێموایە دووسێ ساڵ گەورەتر بم لەو بەروارەی کە لە شوناسنامەکەم نووسراوە».
یونسی دوو ساڵان بوو کە دایکی لەدەست دەدات و لە ماڵی دایەگەورە و باوە گەورەی دەمێنێتەوە. خۆی دەڵێت: «ئەم دووانە زۆر قانیع و زەحمەتکێش و زۆر دەستکورت بوون». باپیری بەهۆی ئەو پیشە جۆراوجۆرانەی کە دەیزانی (خەیاتی، دارتاشی، کرێکاری) بژێویی ژیانی پەیدا دەکرد. پیاوێك بوو زۆر خۆش مەجلیس و قسەخۆش و ڕووگەش. دایکی لە کچانی ڕەعیەت و باوکی یەکێك لە خانزادە و ئاغاکانی ناوچەکە بوو، واتە سلێمانخانی نەوەی یونس خان، حاکمی بانە. ماڵی باوکی ماڵێکی زۆر قەرەباڵغ بوو. پێنج خوشك و سێ ژنی باوکی، سێ برا، برازایەك و ژمارەیەکی زۆر خزمەتکار... هەریەکێکیان بۆ خۆی حکومەتێك بوو و وێنایەکی تایبەتیان لەسەر خۆیان و ماڵە گەورەکەیان هەبوو. خێزانی باوکم هەموویان زۆر ساویلکە و سادە بوون، جگە لە من و دوو مامم. ئێمە لەلایەکەوە سادە و لەلایەکی ترەوە زۆرزان بووین. من لە پانزە ساڵیدا بەڕێکەوت نەبێت نەڕۆیشتبووم بۆ ماڵی باوکم و هەموو جارێك کە ڕێم دەکەوتە ئەوێ سوکایەتیم پێدەکرا. دایەگەورەم نەیدەهێشت بڕۆم».

## مێردمنداڵیی و خوێندن

برایم لە دوانزە ساڵیدا خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی دەوڵەتی پەهلەوی تەواو دەکات، بەڵام حەز لە درێژەدان بە خوێندن دەکات، لەوکاتەدا لە بانە ئامادەیی نەبوو. باوکی بۆ خوێندنی ناوەندیی ناردی بۆ سەقز کە شەست کیلۆمەتر لە بانە دوورە. لە سەقز عەبدولقادر بەهرامی و ئەحمەد تەوەکولی دەناسێت و تا کۆتایی ئەم هاوڕێیەتییە دەپارێزێت. لە ساڵی ١٩٤٢ سێ ساڵی یەکەمی ئامادەیی لە سەقز تەواو دەکات. لەم کاتەدا ئێران لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانانەوە داگیر دەکرێت. یونسی دەڵێت: «بە داگیرکردنی وڵات، ناوچەکە شێوا و بەرەو خێڵەکیبوون ڕۆیشت. ئیدی قوتابخانە نەما و من


تا ساڵی ١٩٤٤ بێکار بووم». هەر لەم ساڵەدا سوپا بە دەرکردنی بەیاننامەیەك خێزانە خێڵەکییەکان هاندەدات کوڕەکانیان، ئەگەر مەرجی پێویستیان هەبێت لە قوتابخانەی سەربازیی، یان ئەکادیمیای ئەفسەری ناونووس بکەن. ئیبراهیم یونسی هەموو مەرجەکانی هەیە، روو لە تاران دەکات و لە ساڵی ١٩٤٤ لە ئامادەیی رژێمدا ناوی تۆمار دەکات.

لە ئامادەییەکەدا لەگەڵ هاوڕێی هەمیشەیی ژیانی دکتۆر روحوڵا عەباسی ئاشنا دەبێت. دەربارەی ئەم هاوڕێیەی نووسیویەتی: «زۆرباش لەبیرمە ئەوکاتە ئێمە یەکترمان بینی، تەنها تازەپێگەیشتوویەك بووین. هەردووکمان لە دەرەوەی تارانەوە هاتبووین. ئەو لە ئابادەوە و من لە بانە. هەردووکمان لە ئامادەیی سەربازیی بووین. ئەوسەردەمە تا ئەو شوێنەی ئێمە دەمانزانی تەنها دوو دامەزراوەی فێرکردنی شەوانەڕۆژی لە وڵاتدا هەبوو: یەکێکیان قوتابخانەی سەربازیی و ئەویتریان ئەکادیمیای موقەدەماتی، ئێمە هاتبووین بۆ ئامادەیی سەربازیی. ساڵی ١٩٤٤ بوو، هەردووکمان دوو ساڵ لە خوێندن دابڕابووین. ئەوکات حەوشەی گەورەی ئامادەییەکە تەنها گڵۆپێکی رووناك بوو. لەبیرمە هەر لە شەوی یەکەمەوە کە هاتمە ژوورەوە وەك غەریبێك بە حەوشەکەدا دەگەڕاین و بیرمان لە غوربەت و دووریی و داهاتووی خوێندن و ئەم بابەتانە دەکردەوە... کە یەکێك لەناو تاریکییەوە بەرەو لام هات، سڵاوی لێکردم، پرسیاری کرد ناوم چییە و خەڵکی کوێم. پێم وت و ئەویش خۆی پێناساندم و وتی کێیە و لەکوێوە هاتووە... لە درێژەی قسەکانیدا بە بێ هیچ پێشەکییەك وتی برایم وەرە پێکەوە هاوڕێ بین»... بووین بە هاوڕێ و تا ئێستاش ئەم هاوڕێیەتییە بەردەوامە بە هەموو هەڵکشان و داکشان و لار و لەوێریی و قسەلەیەکتر دابڕین و ئاشتبوونەوەکانەوە.

بەکالۆریۆس وەردەگرێت و دواتریش هەر بەیارمەتی ئەو کە لە فەڕەنسا مامۆستای زانکۆیە، بۆ درێژەدان بە خوێندن بەرەو پاریس دەڕوات و تا وەرگرتنی دکتۆرا بەردەوام دەبێت.

## گەنجێتی، ئەفسەرێکی تودەیی

ئیبراهیم یونسی لە ساڵی ١٩٤٦ دیپلۆم وەردەگرێت و دەڕواتە ئەکادیمیای ئەفسەریی. لە ساڵی ١٩٤٩ بە پلەی (مولازمی دووەم) هێزی سواری ٢ لە ئەکادیمیا دەردەچێت و بەرەو ورمێ و ڕەزاییە بۆ خزمەت دەڕوات. لەوێ لە ساڵی ١٩٥٠ هاوسەرگیریی دەکات. بەرهەمی ئەم هاوسەرگیرییە سێ کچ و کوڕێکە. لە ڕەزاییە



ئیبراهیم یونسی بەجلی سەربازییەوە

سەردەمێکی قورس بەڕێ دەکات. کچە چل ڕۆژەکەی تووشی نەخۆشی دەبێت. هەر لەوێ لە ١٩٥١ گوللەی بەردەکەوێت و قاچێکی لەدەست دەدات. «بەفرێکی قورس دەباری، قاچێکیان بڕیمەوە». سوپا بۆ دروستکردنی قاچی دەستکرد بەرەو ئەڵمانیا و فەڕەنسا دەینێرێت. لە گەڕانەوەیدا بۆ تاران لە جبەخانەی سوپا لە شەقامی (سپە) دەستبەکار دەبێت. لە ساڵی ١٩٥٤ دەچێتە ناوحیزبی تودەی ئێرانەوە کە لەوکاتەدا بووەتە حیزبێکی گەورە و گشتی و زۆربەی ئەو گەنجانەی خەونیان بە گۆڕانەوە دەبینی، تیایدا ئەندام بوون. وەکو خۆی دەڵێت: «ئەو



سەردەمە، کاتی گرتوین و سەرمەستی بوو...» دەبێتە ئەندامی ڕێکخراوی سەبازیی حیزب. لە ساڵی ١٩٥٥ ساڵێك دوای ٨/٢٨ ڕێکخراوی سەربازیی پەیوەست بە حیزبی تودە کەشف دەبێت. «ڕێکخراوەکە کەشف بوو و ئیمەی ئەفسەری ئەندامیش هەموو حوکم دراین و کەوتینە زیندان». ئەفسەرانی ئەندامی ڕێکخراوی سەربازیی پۆل پۆل دەستگیر و دادگایی دەکرێن. یونسی لە گرووپی دووەمدایە و هەموویان حوکمەکەیان لەسێدارەدانە. لەچاوەڕوانی جێبەجێکردنی حوکمەکەدایە کە لەدەستدانی قاچێکی لەکاتی خزمەتدا بەهانایەوە دێت. «تا ساڵی ١٩٥٥ لە بەشی پاشەکەوتەکانی سوپا بووم. لەم ساڵەدا بوو کە دوای کۆدەتای ١٩٥٤/٨/٢٨ ڕێکخراوی سەربازیی سەر بە حیزبی تودەی ئێران کەشف بوو و ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەران دەستگیرکران. منیش یەکێك بووم لە گرووپی دووەم و لە ١٩٥٥/١٠/٢٢ دادگایی کرام. لە دادگای سەرەتاییدا هەموومان بە لەسێدارەدان حوکم دراین. لەکاتی جێبەجێکردنی حوکمەکەدا پێیان وتم کە بەهۆی لەدەستدانی قاچت لەکاتی خزمەتی سەربازیی، پلەیەك سوکتر یاخود مافی لێبووردنت بۆ دەردەچێت».

## زیندان، شوێنێك بۆ خودسازی و خۆ ڕاهێنان

ئیبراهیم یونسی حوکمەکەی کەم دەکرێتەوە بۆ زیندانی تاهەتایی لەگەڵ کاری قورس. تا ئەم کاتەش نە لە دنیای نووسیندایە و نە تەنانەت زمانی بیانیش دەزانێت. لە زیندانی لەشکری زرێپۆشی عەباس ئابادەوە بەرەو زیندانی کۆشك دەگوازرێتەوە. لە ساڵی یەکەمی ناو زینداندا بە یارمەتی فەرهەنگێك، فەڕەنسییە لاوازەکەی بەهێزتر دەکات. کاتێ دەرگای زیندانی بەڕوودا دەکرێتەوە و سەیر دەکات هەموو هاوزیندانییەکانی خوێندوویانە. هەندێکیان لە دەرەوە خوێندوویانە و بەدەر لە پسپۆڕی خۆیان زمانزانیشن. زیندان لای دەبێتە زانکۆ. زۆرێك لە زیندانییەکانی ئەوسالآنە کاتێ لە زیندان ئازادکران، لانیکەم فێری یەك دوو زمان بووبوون. زۆربەیان لە زیندان دەستیان دایە وەرگێڕان و نووسینی کتێبی زۆر بەبایەخ. ئیبراهیم یونسی بەیارمەتی هاوڕێکانی لە زیندان فێری زمانی فەڕەنسی و هەر لەڕێگەی ئەوانەوە ئاشنای ئەدەب و نووسین دەبێت. تامەزرۆی فێربوون و نووسین دەبێت. بەیارمەتی هاوڕێکانی لەناوەوە و دەرەوەی زانکۆ، بۆ فێربوونی بنەڕەتەکانی نووسین، بەردەوام نامە بۆ ڕوسیا و ئەورووپا دەنێرێت و لەڕێگەی (فێربوونی نووسینەوە) ڕوو لە قوتابخانەی نووسینی بەریتانیا دەکات. لە زیندان کتێبی وانەیی دەخوێنێت، ڕاهێنانەکان ئەنجام دەدات و یادداشتان لێ هەڵدەگرێت. یادداشتەکان فراوانتر دەکات و بەشێوەی کتێبی هونەری چیرۆکنووسین بڵاوی دەکاتەوە. هەمووجارێك کە سیاوەش کەسرایی سەردانی دەکات بەشێکی پێ دەدات، سیاوەش دەیدات بە بڵاوکەرەوەیەك و چاپی دەکات. لە زیندان بەردەوام دەبێت لە کارکردن...

## لە دایکبوونی وەرگێڕ لە زینداندا

لێرەوە ئیدی ڕێگەی خۆی دۆزیوەتەوە. ڕێگایەك کە تا کۆتایی تەمەن درێژەی پێ دەدات. زیندان دەبێتە ڕێگایەك بەرەو ئازادی. (ئارەزووە گەورەکان)ی چارلز دیکنز لە زیندان وەردەگێڕێت. دەربارەی ئەم وەرگێڕانە وتوویەتی هەر ئەو سەدەمەی لە زیندان بوو، پرسیار لە سیاوەش کەسرایی دەکات کە برایەکی لە زیندان بوو و بەردەوام سەردانی دەکرد، کەسرایی هانی دەدات بۆ وەرگێڕانی ڕۆمانەکە، یونسی بە قسەی دەکات. کتێبەکە لەژێر چاودێریی سیروس پەرهام بڵاودەبێتەوە لە ساڵی ١٩٥٨ لەکاتێکدا وەگێڕەکەی لە زیندان بوو، زانکۆی تاران وەك باشترین وەرگێڕانی ئەو ساڵە هەڵیدەبژێرێت. کتێبی (جادووکراو)ی سۆلۆمۆن ڕۆبینفیچ (١٨٥٩-١٩١٦) نووسەری رووسی جوو، (ماڵی یاسا)ی چارلز دیکنز و (سپارتاکۆس)ی هۆوارد فاست لە وەرگێڕانە گرنگەکانی ئەون لە سەردەمی زینداندا.

## نووسەری پرۆفیشناڵ

ئیبراهیم یونسی دوای هەشت ساڵ لە ١٩٦٣ ئازاد دەکرێت و ئێستا کاتی هەژاریی و بێکارییەتی. قەدەغەکراوە کار بکات. وەکو خۆی دەڵێت: «سەردەمی بێکاریی و دەستکورتی بوو».

لەدوای زیندان سێ ساڵ بێ کار دەبێت. دواتر لەگەڵ (محەمەد قازی) و (بە ئازین)، کە ئەویش هەمان کێشە و ئازاری هەبوو، لە بەشی وەرگێڕانی کۆمپانیای دانیمارکی کامپساکس کە ڕێگەی ئاسنی ئێرانی دروست دەکرد، دامەزران. (ئەو تودەییانەی کە لە زیندان ئازادکران، ئەگەر تۆبەیان نەکردایە و لە دامەزراوە حکومییەکاندا دانەمەزرانایە، ناچار بوون روو لە کەرتی تایبەت بکەن).

هاوڕێیەتی لەگەڵ قازی لێرەوە پتەو دەبێت و قووڵ دەبێتەوە. قازیش هاونەتەوەی خۆیەتی و لە ساڵانی ئامادەییشەوە دەیناسێت. قازی یاسای خوێندبوو، کارمەندی وەزارەتی دارایی بوو وەك خۆی وەرگێڕ بوو. ماوەی ساڵێك لە کۆمپانیای کامپساکس هاوکاری قازی دەبێت و پێنج شەش ساڵێك دەبنە هاوڕێی گیانی بەگیانی یەکتر. یان لەگەڵ خێزانەکانیان لە ماڵەوەن،

یان لە دەرەوە لە کافە و کۆڵانەکاندا پێکەوەن.
ئەندازیار عیزەتوڵا ڕاستکار، برای فەهیمە ڕاستکار، هاوسەری نەجەف دەریابەندەری (وەرگێڕی ناودار)، کە کاریگەرییەکی زۆری لە ڕێکخراوی پیلاندانان هەبوو، لە بنکەی ئاماری ئێران، بەشێك لە ڕێکخراوی پیلاندانان، کارێکی بۆ دەدۆزێتەوە.
سەرەتا وەك لێکۆڵەر، دواتر وەك وەرگێڕ و پاشان وەك سەرۆکی ناوەندی وەرگێڕان کار دەکات، پیشەیەك کە لە هیچ دەزگایەك نەیخوێندووە و هیچ بڕوانامەیەکی ئەو بوارەی نییە. هەرچەند لە زۆربەی ئەوانەی دەرچووی ئەکادیمیاکانن باشتر دەیزانێت: «هەموو سەرۆکێکی نوێ کە دەهات کاتێك پرسیاری ئەوبەشەی دەکرد کە خوێندوومە، سەری دەسوڕما و ڕەنگە هەندێکیش بێتاقەت دەبوو، چونکە سەرۆکی ناوەندی وەرگێڕان بووم، ئەوکاتە ناچاربووم هەندێك یاری بکەم تا وەك سەرۆکی نوێ بەڕەسمی بمناسن و وانەزانن لە شوێنێکەوە بەزۆر دانراوم».
ئیبراهیم یونسی لە ساڵی ١٩٧٢ بۆ درێژەدان بە خوێندن ڕووی لە پاریس کرد و لە ساڵی ١٩٧٨ دوای وەرگرتنی بڕوانامەی دکتۆرای ئابووری گەشەپێدان لە زانکۆی سۆربۆنی فەڕەنسا، گەڕایەوە بۆ تاران».

## یەکەمین پارێزگاری کوردستان دوای شۆڕش و دەست لەکارکێشانەوەی

دوای شۆڕشی ئیسلامی، بۆ ماوەیەکی کورت پێش ڕۆیشتنی سادق خەلخالی بۆ کوردستان، پارێزگاری کوردستان بوو، بەڵام بەو شێوەیەی کە بە ڕۆژنامەی «کەیهان»ی ئەوکات وتبووی: «(بەهۆی ناکۆکی لەگەڵ سیاسەتەکانی دەوڵەت لە بەرامبەر کوردستان، دەستی لە کارکێشایەوە. ڕۆژنامەی کەیهان نووسی: «دکتۆر ئیبراهیم یونسی پارێزگاری دەستلەکارکێشاوەی کوردستان، ئەمڕۆ دەستێوەردانی بەرپرسەکانی دەرەوەی کوردستانی ئیدانەکرد و بەرپرسیارێتی ڕووداوەکەی مەریوانی خستە ئەستۆی ئەو کەسانەی بەبێ لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ناوچەکە، سەرباز ڕەوانەی ئەوێ دەکەن».
کەیهان دەنووسێت: «دکتۆر یونسی کە ٢١ ڕۆژ پێشتر دەستلەکارکێشانەوەی خستووەتە بەردەم وەزیری وڵات، ڕایگەیاند کێشەکانی خەڵکی کوردستان گەلێك زۆرن، زۆربەی کێشەکانی ئەم ناوچەیە بەرهەمی ڕەفتاری کەسانی سەر بە ڕابردووە و ئێستاش هەندێك لە کۆمیتەکان و بەرپرسە نا مەسئولەکان درێژە بەم دۆخە دەدەن. من لە سەرەتای کارکردنمەوە هەوڵم دا لەنێوان گرووپە جیاوازەکاندا لێکتێگەیشتن و ڕێکەوتن دروست





بەرگی دوو کتێبی ئیبراهیم یونسی



بێت بۆئەوەی بەپێی ئەم ڕێککەوتنە، ئارامی بگەڕێتەوە بۆ ناوچەکە. هەربۆیە دەبوو سەرەتا کۆمیتە و سەربازەکانم تەسفییە بکردایە. دوای ئەوەش دەبوو سەرقاڵی بابەتی کۆمیتەکان بوومایە. یەکێك لەم کۆمیتانە کە ئەحمەد موفتی زادە بەڕێوەی دەبرد، بووە هۆی دروستکردنی کێشە و گرفتی زۆر لە ناوچەکەدا. ئەم کۆمیتەیە دوای گفتوگۆ لەگەڵ ئایەتوڵا تاڵەقانی هەڵوەشایەوە، بەڵام بەڕێز موفتی زادە بەم هەڵوەشاندنەوەیە رازی نەبووە».
ئیبراهیم یونسی دواتر ئاماژەی بە دەستلەکارکێشانەوەی خۆی دەکات و دەڵێت: «لەگەڵ ئەوەی توانیم بۆ ماوەی ٣ مانگ ئارامی لە ناوچەکەدا بەرقەرار بکەم، بەڵام هەندێك کێشەی کە لەسەرەوە باسکرا و بێ ئەنجامبوونی هەوڵەکان، منی بەرەو تەرکیزخستنە سەر ئەو بابەتە برد کە یەکەم دەزگای بڕیاردان یەك نییە و دووەم لە بڕیارەکانیشدا نییەتی باش بەدی ناکرێت. بۆ نموونە ئێمە کۆمیتەی پیاوێکی ئاینی هەڵدەوشێنین، دواتر کوڕەکەی لە کۆمیتەی مەرکەزی تارانەوە فەرمان وەردەگرێت و لەگەڵ خۆی پاسدار رەوانەی ناوچەکە دەکات. هەر ئەم پاسدارانە ئەمڕۆ لە بیجار لەگەڵ خەڵك کێشەیان بۆ دروستبووە و ٤ کەس کوژراون... ئەم جۆرە بێ سەروبەری و فرە بڕیاردانە کاری پارێزگای ئیفلیج کردووە تا ئەوەی کابینەکە سەرلەنوێ دروستکرایەوە و منیش هەستم کرد کە هەڵسەنگاندنی بەرپرسە تازەکان هەڵسەنگاندنێکی زیهنییە و پشتی بەکردار نەبەستووە.

هەربۆیە هاتمە تاران و پێشنیارەکانی خۆم بۆ چاکسازیی بارودۆخی کوردستان پێشکەش بە دەوڵەت کرد، بەڵام هەستم کرد کە دەوڵەت ئەگەریش دەستێوەردان نەکات، لە هەلومەرجێکدا نییە کە شتەکان خراپتر نەکات، یاخود ڕێگە بە من بدات خۆم ئەوکارە بکەم. لەڕاستیدا دەوڵەت بەهۆی کاریگەریی ناوەندەکانی دیکەوە دەیویست کەسانێك کە ڕەگوڕیشەیان لە کوردستان نییە، بەسەر کوردستاندا بسەپێنێت. بەداخەوە ئەم بارودۆخە لە بەریەککەوتنی مەریواندا بوو بە واقیع و ئاکامی دڵتەزێنی لێکەوتەوە».
دکتۆر یونسی دەڵێت: «کەسانێك کە لە ناوچەکەدا دەستێوەردان دەکەن یان بڕیار لەسەر کوردستان دەدەن، بەهیچ شێوەیەك ناوچەکە ناناسن، ئەوان نازانن کە ئەم ناوچەیە پڕ چەکە، هەربۆیە بەپێی بنەمای زیهنی نەك کردار، هەنگاو دەنێن». پارێزگاری دەست لەکارکێشاوەی کوردستان لەم گفتوگۆیەدا رایدەگەیەنێت کە: «نەیاری شۆڕش ڕۆڵێکی ئەوتۆیان لە کوردستاندا نییە و زۆربەی کێشەکان ڕەگوڕیشەیان لە دەسەڵاتخوازی فەردیدا هەیە». ئەو وتی: «ئەم لاوازییە فەردیانە زیانی گەورەو قەرەبوونەکراوی لێدەکەوێتە... سەدر حاج سەید جەودای ئەم تایبەتمەندییانەی دەناسی و بە بارودۆخی کوردستان ئاشنابوو، بەڵام وەزیری هەنووکەیی وڵات (هاشم سەباغیان) ناوچەی کوردستان ناناسێت و بارودۆخەکە بە دەستکاریکراویی دەگاتەوە



بەرگی دوو کتێبی وەرگێڕاوی ئیبراهیم یونسی

لای ئەو و بەپێی ئەو زانیارییانەش بڕیار دەدات. منیش ئامادە نیم گێرەشێوێنی ئەو کەسانەی کە لەدەرەوە دەستێوەردان لە ناوچەکەدا دەکەن، تەحەمول بکەم. من بۆ ماوەی ٨ کاتژمێر بۆ ئاگادارکردنی ئەم وەزیرە بەڕێزە لەبەردەم ژوورەکەی چاوەڕێم کرد، لەکاتێکدا کە ئەو کاری ڕۆژانەی وەك واژۆی کاغەزەکانی ئەنجام دەدا... لەم بارودۆخەدا بەڕاستی کار ناکرێت».
یونسی ئاماژەی بە ڕووداوەکەی مەریوان کرد و وتی: «ئەندامانی کۆمیتە هەڵوەشاوەکەی موفتی زادە دوێنێ سەرۆکی شارەوانی مەریوانیان ڕفاندووە و فەلاقەیان کردووە، ئەمڕۆ بە تەلەفۆن لە هۆکارەکەیم پرسی، سەرۆك شارەوانی وتی: هەندێك لە سەربازەکان بەهۆی بەدرۆخستنەوەی دەستێوەردانی حیزبی دیموکرات لە ڕووداوەکەی مەریوان بە مەبەستی کوشتن فەلاقەیان کرد». پارێزگاری کوردستان لەم گفتوگۆیەدا ڕایگەیاند کە خەڵکی کوردستان بەهیچ شێوەیەك جودایی خواز نییە و تەنها ئۆتۆنۆمیان دەوێت، ئەوان دەیانەوێت خۆیان کاروباری خۆیان بەڕێوەبەرن. یونسی لە کۆتایی گفتوگۆکەدا دەڵێت کە بەبڕوای من لایەنگریکردن لەوکەسانەی کە لە ناوچەکەدا نامۆن و و دەخالەتی ناڕەوا دەکەن، ڕەتکردنەوەی ئامانجە ئیسلامییەکانە. (کەیهان ١٣٥٨/٤/٢٦)
دەستلەکارکێشانەوەی یونسی ناڕەزایی زۆربەی خەڵکی کوردستانی لێکەوتەوە. کۆمەڵەی کوردانی دانیشتووی ناوەند داوایان لە دکتۆر یونسی کرد، دەست لەکار نەکێشێتەوە. وتەبێژەکەیان وتی: «بەپێی ئەو بروسکانەی کە بۆ پشتگیریکردن لە دکتۆر یونسی لە شارە جیاوازەکانەوە گەیشتووەتە کۆمەڵەکەمان، ئەو تەنها کەسی قبوولکراوە لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە... ناردنی هەر پارێزگارێك جگە لە دکتۆر یونسی ناڕەزایەتی توندی خەڵکی کوردستانی لێدەکەوێتەوە». (ایندگان ١٣٥٨/٤/٢١ دکتۆر یونسی ١٩٨٠/١٠/٥ دەستی لە پۆستی پارێزگاری کوردستان کێشایەوە و گەڕایەوە بۆ تاران. ناوبراو هۆکاری دەست لەکارکێشانەوەی بۆ «ئەو بڕیارانە گەڕاندەوە کە لەتاران بە ڕاوێژکردن لەگەڵ پارێزگار و بەبێ ناسینی بابەتیيانەی ناوچەی کوردستان، دەربارەی ئەم پارێزگایە جێبەجێ دەکرێت».
یونسی لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (ایندگان)، جەختی لە پێویستی ئارامیی کوردستان کردەوە و وتی: «کاتێك ئارامیی لە کوردستان بەرقەرار نەبێت، کێشەی ئابووریی و ئاوەدانکردنەوە چارەسەر ناکرێت». هەروەها دەڵێت: «ئەو هەنگاوانەی کە لە ناوەندەکانی بڕیاردانی تارانەوە دەگیرێتە بەر، دەبێ بەقوڵی ڕوح و هەلومەرجی ناوچەکە بناسن، بەڵام لەبەرئەوەی ئەو کەسانەی بڕیار دەدەن ئەو ناسینەیان نییە، نەك ناتوانن ناوچەکە ئارام بکەنەوە، بەڵکو دەبنە هۆکاری دروستکردنی چەندین کێشەی تر».
«ایندگان» دەنووسێت یونسی دەربارەی قبووڵکردنی دەستلەکارکێشانەوەکەی لەلایەن دەوڵەتەوە دەڵێت: «کاتێ ویستم دەست لەکار بکێشمەوە، تازە بەڕێز سەباغیان بووبوو بە وەزیری وڵات و داوایان لە من کرد ماوەیەك پەلە نەکەم. من و دەوڵەت چەند قسەیەکمان ئاڵوگۆڕ کرد، بەڵام بێ ئەنجام بوو. منیش درێژەدان بە کارەکەم بە دژوار بینی و هاتمەوە بۆ تاران. هەڵبەت تا ئێستا دەوڵەت دەربارەی دەست لەکارکێشانەوەکەی من بڕیاری دەر نەکردوو و تا هەنووکەش هیچ قسەیەك لەم بارەیەوە نەکراوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە نێوانی من و دەوڵەت، زمانێکی هاوبەش بوونی نییە و نەمانتوانیوە پێکەوە دیالۆگ بکەین». (ایندگان ١٣٥٨/٤/٢٨ ناوبراو لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی کوردی هیوا، هەژاریی و بێکاریی گەنجان و توندوتیژی سەربازیی بە گەورەترین کێشەکانی کوردستان دەزانێت: «کێشەی ئێمە چەکە، کە هەموو کەسێك هەیەتی. هەروەها بێکاریی و بێ پارەیی، ئەو بێکارانەی کە دیپلۆمیان هەیە و نەڕۆیشتوون بۆ خزمەتی سەربازیی یان لێبووردنی یاساییان وەرگرتووە، یان لە گوندەوە بۆ شار کۆچیان کردووە، یان کەسانێك کە لەشارەکانی تر کاریان هەبوو، بەڵام گەڕاونەتەوە بۆ ئێرە و کاریان نییە».
دوای مانگێك سادق خەلخالی بە بڕیاری ئایەتوڵا خومەینی ڕووی لە کوردستان کرد و بە لەسێدارەدانی توندوتیژی بەکۆمەڵ لە شارەکانی کوردستان هەرلەوکاتەوە بناغەی حکومەتی ترس و نەفرەتی لە کۆماری ئیسلامی لەناو دڵی کوردستاندا چاند.
ئیبراهیم یونسی ئەو کاتەی پارێزگار بوو، بەرهەمێکی تۆماس هاردی بەناوی سیروان ئازادەوە وەرگێڕا، بەڵام خۆی پارێزگار بوو، تاڕادەیەك نەیدەتوانی ناوی خۆی وەك وەرگێڕ لەسەر کتێبەکە دابنێت و بەناوی کچ و کوڕەکەیەوە بڵاوی کردەوە.

## تێڕوانینی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی

ئیبراهیم یونسی سەر بەو نەوەیەی نووسەران و ڕۆشنبیرانی ئێرانە کە گەشەی فیکری و داهێنانەکانیان لە داوێنی حیزبی تودەی ئێرانەوە دروستبوو پەرەی سەندووە، چ لە بواری ئەدەب و چ لەبواری کۆمەڵایەتیدا، وانەکانی حیزب کاریگەریی لەسەر بەرهەم و کردارەکانیان داناوە. هەندێکیان دوای شکستی ٢٨ی ٨و ناکامییەکانی دوای ئەوە، نائومێد بوون و ڕێگەی خۆیان جیاکردەوە. حیزبی تودەیان بە خائین زانی و ڕوویان لە دژایەتی حیزب و ڕەتکردنەوەی ڕابردووی حیزبی خۆیان کرد. هەندێکیان

ئیبراهیم یونسی



بیروباوەڕی خۆیان دەربارەی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، کە لەسەردەمی حیزبدا فێری بووبوون، وەکو خۆی پاراست، بەڵام ئیدی خۆیان بە تودەیی نەدەزانی و گرووپێکی تر بە شاراوەیی و لە زیهنی خۆیاندا، هەروەك رابردوو وەفایان بۆ حیزب مایەوە. هەرچەند لە کۆڕی هاوڕێکانیان ئەمەیان نەدەشاردەوە. چەند کەسێکی وەك سیاوەش کەسرایی و بە ئازین و سایە و هەندێکی تر. ئیبراهیم یونسی لە تاقمی سێیەم بوو. کاتێك لە کۆڕێکدا وتبووی: «ئەگەر جارێکی تر زیندووبمەوە دەبمەوە ئەندامی حیزبی تودە، چونکە حیزبێکی پاکە».

## دەربارەی نووسین

حەزی لە شێوازی ریالیزم بوو. پێی وابوو جەنگ و ئاشتی گەورەترین رۆمانی جیهانە تا ئەمڕۆ و دۆستۆیۆفسکی گەورترین نووسەرە لە رووی قوڵبوونەوە بەناو رەهەندە مرۆییەکاندا. هاتنەناوەوەی رۆماننووسینی لە ساڵەکانی ١٩٢٠ بۆ جەمالزادە و بزورگ عەلەوی دەگەڕاندەوە. لە نووسەرە هاوچەرخەکان ئەحمەد مەحمود، مەحمود دەوڵەت ئابادی، رەزا بەراهەنی و لە شاعیرەکان، سیاوەش کەسرایی، محەمەد رەزا شەفیعی کەدکەنی و هوشەنگ ئیبتیهاجی خۆش دەویست. بڕوای بە چیرۆك و رۆمانی زیهنگەرا نەبوو و دەیوت: «ئەم رۆمانانەی ئەمڕۆ کە هیچ شتێکمان پێ ناڵێن و ئەگەر لە نووسەرەکانیان هۆکاری نووسینەکە بپرسی، بەخێرایی خۆیان دەخەنە پاڵ (ئۆلیسۆسی)ی جیمز جۆیس و (بەدگۆڕان)ی کافکاوە و بیر لەوە ناکەنەوە، کە ئایا ئەو شتەی کە دەینووسن لە ژیانی رۆژانەی خەڵکدا هەیە یان نا...». بڕوای بەجۆرێك ریالیزم و عەینییەتگەرایی و پابەندی کۆمەڵایەتی لە هونەردا هەیە: «نووسین دەبێ بە جۆرێك بنووسرێت کە خوێنەر بیر لەوە بکاتەوە خەریکە ژیانی خۆی دەخوێنێتەوە. ئەو نووسینانەش کە ئەمڕۆ دەنووسرێن دەبێت هەڵگری هەمان تایبەتمەندی بن، چونکە نووسەر بۆ خوێنەر دەنووسێت بۆئەوەی دڵی بەتاڵ بکاتەوە و بیرکردنەوەی بخاتەڕوو...».
بەڵام داهێنان و هەڵقوڵینی دەروونی بەمەرجی سەرەکی نووسین دەزانێت. پێی وایە کە بەرۆیشتن بۆ خولی چیرۆکنووسین ناکرێت ببینە نووسەر.

## دەربارەی وەرگێڕان

وەرگێڕان بەجۆرێك لە نووسین دەزانێت: «لە وەرگێڕانیشدا دەبێت کتێبەکە بخوێنینەوە و خۆمان بخەینە جێگای نووسەر. وەرگێڕ دەبێت بەتەواوی ماناکان بگوازێتەوە: هەڵبەت ئەم تەواوەتییە پەیوەندیی بە ئاستی زانیارییەکانییەوە هەیە. کاتێ بازنەی زانینی وشەکانت فراوان نەبێت و وشەکان پڕواوپڕ نەخەیتە شوێنی خۆی، ماناکان بەهەڵە دەگوازیتەوە...»، ئەو لە وەرگێڕاندا بڕوای بە بەرپرسیاریتی بەرامبەر بە نووسەر هەیە: «من بەزۆری دەستی خۆم بە خوێنەری نووسەر سوور ناکەم و تا ئەوشوێنەی بتوانم هەوڵ دەدەم مافی نووسەر نەخورێت. وەرگێڕ دەبێت بە گرنگی زمانی تایبەتی کەسەکان بدات و لە بەرهەمەکەدا بەجۆرێك بیهێنێتە ناوەوە کە خوێنەر بەباشی لە زمانی کاراکتەر تێبگات، چونکە گێڕانەوەی پزیشکێك جیاوازە لە گێڕانەوەی هونەرمەندێك».
ئەو لە هەڵبژاردنی کتێبی وەرگێڕانیشدا خۆی بە بەرپرسیار دەزانێت: «لەبیرمە کتێبێکم بەناوی شێری کە ٧٠٠ لاپەڕە و نووسەرەکەی شارلۆت برۆنتە بوو، وەرگێڕا، بەڵام تێگەیشتم کتێبەکە دژە کرێکارە. بڕیاربوو «علمی»یەکان چاپی بکەنەوە، بەڵام چونکە زیانی بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەیی هەبوو، دڕاندم و بڵاونەکرایەوە. پێموایە وەرگێڕ دەبێت کتێبێك وەربگێرێت کە بۆ کۆمەڵگاکەی بەسوود بێت و کەڵکی هەبێت».
وەرگێڕانەکانی یونسی هەڵبژێردراو بوون و بەتەواوی بیریان لێکرابووەوە و بازنەیەکی فراوانی ئەو سەردەمە (سەدەی حەڤدە و نۆزدە و بیست و بیستویەکەم) و شوێن و بابەتی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی لەخۆ دەگرت. ئەدەب، رۆمان، رەخنە و مێژووی ئەدەب، زماناسی، چیرۆکنووسی لە ئێران و وڵاتانی تر، مێژووی هونەر، سیاسەت و مێژوو، فەلسەفە، ئەدەبی منداڵان و هەروەها مێژووی کۆمەڵایەت و سیاسی کوردستان.
ئیبراهیم یونسی دەمارگیر نەبوو و لە هەڵبژاردنی بەرهەمەکانیدا بۆ وەرگێڕان، تەنها سەرنجی نەدەخستەسەر نەتەوەیەکی تایبەتی. بە ئیرادەیەکی بەهێز و تاقەتێکی قوڵەوە رۆژانە دە کاتژمێر کاری وەرگێڕانی دەکرد و دەینووسی. وەکو خۆی دەڵێت: «دیسپلینی زۆری سەربازیی و ئیرادەی بەهێزی لەگەڵ دیدێکی کۆمەڵایەتی، کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر کاری وەرگێڕانەکەی دانابوو. رەزا سەید حسەینی، وەرگێڕی گەورەی هاوسەردەمی خۆی لە رێزلێنانی ئەودا وتبووی: «لە کارەکانی یونسیدا جۆرە سیستمێکی فیکری هەیە کە مرۆڤ وا دەزانێت، یونسی پیلانی پێشکەوتنی کلتووری ئەم وڵاتەی دارشتووە».

## دەربارەی سانسۆر و جیاکاری

کاتێك لە سەرەتای شۆڕشدا، کارێکی سەختی وەك پارێزگاری شۆڕشی قبوڵ کرد لە وەڵامی رۆژنامەی هیوا کە پرسیاری بارودۆخی چاپەمەنی لە کوردستانی


لێ کردبوو، وتی: «بەبڕوای من دەبێت بەتەواوی ئازاد بن و هەرشتێکیان بەلاوە لۆجیکی بوو، بینووسن». (هیوا ١٣٥٨/٣/٥)


بەهەرحاڵ هیچ کات لە بەهانە و هێرشی سانسۆرچییەکانی دەوڵەت ڕزگاری نەبوو. ئەو کە لە بەرامبەر هەموو وشەیەکدا خۆی بە بەرپرسیار دەزانی و بەوەسواس و قەلەقییەکی زۆرەوە هاوماناکانی هەڵدەبژارد، بەدەست سانسۆرەوە ئازاری دەچەشت: «کێشەی سانسۆری ئێمە ئەوەیە کە دژی شەفافبوون و ڕاشکاوبوونە، بەڵام کاتێ وشەیەك تەنها یەك هاوماناى هەیە، منی نووسەر چ وشەیەکی بۆ دابنێم کە هەمان مانا بگوازێتەوە. ئەگەر ڕێگە بەمە نەدەن، ڕۆمانەکە کەموکورت دەبێت. کاتێکیش وابێت، خوێنەر نایخوێنێتەوە». سانسۆری بە هۆکاری دواکەوتوویی و لەمپەری پێشکەوتن و باڵاکردنی فیکر و کلتوور دەزانی: «ئەگەر دەمانەوێت بەرهەمە ئەدەبییەکانمان لە ئاستی وڵاتانی تردا بێت، نابێت سانسۆر بوونی هەبێت، نووسەر خۆی ئاگای لە چوارچێوە و هێڵە سوورەکانە». بوونی دەزگایەك بۆ سانسۆر و جیاکاری بەبێ هودە دەزانێت: «هەموو جیاکاری و سانسۆرێك هەڵەیە. باشە بۆچی جیای دەکەنەوە. پێموایە خەریکە پیرۆزییەکی وشك دەخەینەڕوو. ئێمە لە بێدەنگی و شاراوەییدا زۆر قسە دەکەین و زۆریش کاردەکەین، بەڵام ڕووبەڕوو شتێکی تر ڕوودەدات. جیاکاری نابێت بەهەندێك بیانووی پووچەوە جێبەجێ بکرێت. ئەوەی کە ئایا دەبێت چ کتێبێك بخوێنرێتەوە، چ کتێبێك نابێت بخوێنرێتەوە، دەبێت لە ماڵەوە بڕیاری لەسەر بدرێت».

سانسۆر تەنها لە کتێبی گۆڕستانی غەریبانی یونسیدا ١٣٤ لاپەڕەی لابرد.

## دەربارەی کوردستان

ئیبراهیم یونسی پێی وابوو کە خەڵکی شار و ناوچە جیاوازەکانی ئێران بەدروستی تایبەمەندییەکانی یەکتری ناناسن. ئەو ئەم نەناسینە بە هۆکاری سەرەکی کێشەی کەمینەکان و بەتایبەت کوردەکان لەگەڵ کۆمەڵگەی غەیری کوردی ئێران دەزانی. لێرەوە ناساندنی کورد و کوردستان بە ئێرانییەکان یەکێك بوو لە وەسواسە هەمیشەییەکانی: «کاتێ قسە دەکرا، چ مامۆستا و چ قوتابی وایاندەزانی ئەگەر شەو لای کورد بمێنیتەوە، سەرت دەبڕن و سبەی بە زیندوو نامێنیتەوە!... جیاوازی ئایینزاش لە ئارادا بوو هەردوولا بە خراپی بەیەکتر ناسێنرابوون. کاتێك کەسێکیان دەنارد بۆ کوردستان، خەم دایدەگرت و هەوڵی دەدا بە واسیتە و بەرتیل لەکۆڵ خۆی بخاتەوە، بەڵام کاتێ دەهاتن بەپێچەوانەی ئەوەی بیستبوویان دەبوو شتێکیان بدایە بۆئەوەی بڕۆن... خەڵکی ئێران بەڕاستی یەکتر ناناسن... نە تارانی ئازەربایجانی، نە ئازەربایجانی کورد و نەکورد





خۆراسانی. هەموولایەك وێنەیەك نادیاریان لەسەریەکتر کێشاوە و من هەروەك هەموو کەسێکی تر کە پەیوەستە بە زێدی خۆیەوە، خۆم بەنووسین دەربارەی کوردستانەوە سەرقاڵ کرد».

ئەو کۆمەڵە بەرهەمەی کە دەربارەی کوردستان وەریگێڕاوە و ئەوەی لە نووسین و بەرهەمەکانیدا لەسەر دیمەنی سرووشتی و کۆمەڵی کوردستاندا وەسفکراوە، دەوڵەمەندترین کۆمەڵەیە بۆ ناسینی کوردستان.

## پێگەی ئیبراهیم یونسی لە کلتووری هاوچەرخی ئێراندا

ئیبراهیم یونسی سەر بە نەوەیەك لەو وەرگێڕە ئێرانیانە بوو کە قورسایی سەرەکی دروستکردنی کلتووری وڵاتەکەیان بە سەبر و هەوڵێکی بەردەوام و بێ موچە و منەت، لەسەر شانی خۆیان دانا و هەوڵی فراوانکردنیان دا. نەوەیەك کە گەورەکانی وەك بە ئازین، محەمەد قازی، نەجەف دەریابەندەری، ڕەزا سەید حوسەینی، ئەبولحەسەن نەجەفی، مستەفا ڕەحیمی... زەمینەی ئاشنابوونی کۆمەڵگەی ئێران و نەوەی گەنجیان بە دەقی کلاسیك و نوێ و نووسەر و شاعیرە گەورەکانی جیهان فەراهەم کرد. بەدەر لە هۆگرەکانی کتێب و کەسانێك کە سەرقاڵی نووسینن، تەنانەت خەڵکی ئاساییش کتێبی ئەم نووسەرانەیان بینیوە. ئەوان بە وەرگێڕانەکانی خۆیان، بواری کلتووری ئێرانیان فرەڕەنگ کرد. توانست و ئیمکانییەتی زمانی فارسییان فراوان کرد و ڕێگەی جۆراوجۆری هەڵبژاردنیان بۆ نەوەکانی داهاتوو ئاوەڵا کرد. واتە ئەو کێشەیەی کە خۆیان بەدەستیانەوە دەیانناڵاند. چ جای ئەوکەسانەی کەلە خۆشەویستی ئەدەبیاتدا قەرزداری یونسی و هاونەوەکانی ئەون. بێگومان دەتوانین بڵێین کە بەشێك لەم وەرگێڕانانە، هەنوکە بەشێکە لە ئەدەبی فارسی هاوچەرخ.

میراتی ئەو بۆ خەڵك و نەوەکانی داهاتوو، نەمر و بێ جێگرەوەیە. سەرمایە و پشتیوانییەك کە بەنرخی چەرمەسەری و خۆ خواردنەوەکانی یونسی و هاوقەڵەمەکانی بوو: «من زۆر بڕوام بەو نەوەیە هەیە کە بەڕێوەیە، ئەم نەوەیە پشتیوانی هەیە، پشتیوانێك کە لەجێگەی خۆیەتی. پەیوەندی بەوەوە هەیە کە تاچ ڕادەیەك سوود لەم پاڵپشتە و چەند پشتی پێ ببەستێت. پێموایە ئیدی ناکرێت هێڵێك بگرێت و بڵێت لەسەر ئەم هێڵە دەڕۆم، چونکە ئێستا هێڵی زۆر هەیە...». ڕەنگە ئەم نەوانە کە یونسی باسیان دەکات، هەرگیز نەزانن کە چی لە ساتەکانی ئەو کەسانەدا گوزەراوە کە ئەم پشتیوانە و سەرمایەیەی بۆ دابین کردوون، بەڵام ئەگەر ئەم گەنجینە بێ بەرامبەرە بکەن بە پشتیوانی خۆیان و درێژەی پێ بدەن، هەوڵەکانیان بێ ئەنجام نابێت.

## وێنەی نووسەر دوای مردن لەچاوی ئەوانی دیکەوە

ئیبراهیم یونسی لە تەمەنی هەشتاوپێنجساڵیدا، لەدوای دووساڵ دەست و پەنجە نەرمکردن لەگەڵ نەخۆشی ئەلزایمەر لە تاران کۆچی دوایی کرد. لەدوای مردنی مەحمود دەوڵەت ئابادی، لە پرسەنامەیەکدا نووسی: «خۆم (لەبەرئەوەی سەردانم نەکرد) سەرکۆنە دەکەم، بەڵام بۆ یونسی شین ناگێڕم، شانازیی پێوە دەکەم!».

مەحمود دەوڵەت ئابادی چەند ساڵێك پێشتر لە مەراسیمی ڕێزلێنانی ئەحمەد مەحموددا و بە ئامادەبوونی ئیبراهیم یونسی بەڕێوەچوو، وتبووی: «ئێمەی نووسەران، خەڵکی ئێرانمان پێکەوە ئاشتکردووەتەوە، مەبەستی ئەم قسەیە ئەو سێگۆشەیەیە، ئەحمەد مەحمود لە باشووری ئێران، ئیبراهیم یونسی لە خۆرهەڵاتی ئێران و مەحمود دەوڵەت ئابادی لە خۆرئاوای ئێران.

ڕەزا سەید حوسەینی، وەرگێڕی بەناوبانگ لە مەراسیمی شەوی ئیبراهیم یونسیدا کە لە ساڵی ١٣٨٦ بەڕێوەچوو، وتبووی: «ئەو ڕێنماییکەری میلەتی ئێمە بووە... ئەو بەرێکەوت کاری نەکرد، بەڵکو نەخشەی بەرەوپێشبردنی کلتووری میللەتی ئێمەی هەبووە و ڕێنماییکەری کلتووری میللەتەکەمان بووە... یەکەمین ڕێگەکانی چیرۆکنووسین یەکەمجار لەلایەن ئیبراهیم یونسییەوە وەك کتێب نووسراوە، پێموایە یونسی بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو کاری کردووە و نووسەرانی خۆرئاوای بە ئێمە ناساندووە...».

جەمال میر سادقی دەربارەی ئیبراهیم یونسی وتی: «ئیبراهیم یونسی پیاوێکی گەورە بوو، هەم لەڕووی فەزل و هەم لەڕووی فەزیلەت. مرۆڤە گەورەکان لایەنی زۆر گەورەیان هەیە و قسەکردن لەسەریان زۆر سەختە لەبەرئەوەی دەبێت باس لە گشتیبوونیان بکەین... یونسی هەم وەك مرۆڤ، کەسێکی گەورە بوو هەم لەڕووی ئەو بەرهەمانەی کە نووسیویەتی و وەریگێڕاوە. ئەو یەکەم کەس بوو کە لە بواری چیرۆکنووسیندا هونەری چیرۆکنووسینی بڵاوکردەوە. هەروەها کتێبی ڕەهەندەکانی ڕۆمان، هەموو نووسەرانی هاونەوەی من قەرزداری ئەوین. میرسادقی وتی: «یونسی دەستی بۆ ئەو کتێبانە دەبرد کە هەموو کەسێك نەیدەتوانی لێیان نزیك بێتەوە، چەندین کتێب هەبوو کە ساڵانێکی درێژ، ناویان دەهێنا بەڵام کەس دەستی بۆ نەدەبردن وەك ترسیترام شندی لارنس ئێستەرن کە ئیبراهیم یونسی وەریگێڕا».

میرسادقی وەرگێڕانەکانی یونسی بە نایاب و بێ کەموکورتی وەسف دەکات و دەڵێت: «ئەو خزمەتێکی گەورەی بە کۆمەڵگای ئێرانی کرد، نەك هەرئەمە، بەڵکو ئەو مرۆڤێکی باش، دروست، پاك و ڕەفتاری

لەگەڵ نووسەرە لاوەکان بێوێنە و ناودار بوو. لە بەرامبەر گەنجتر لەخۆی فەخری نەبوو و بەخۆبردووییەکەی بێوێنە بوو».
عەلی دەهباشی، لێکۆڵەر و بەڕێوەبەری گۆڤاری بوخارا کە لە کاتی ژیانی دکتۆر یونسیدا، یەکێك لە شەوەکانی بوخارای بەم نووسەر و وەرگێڕە تەرخان کردبوو، بە یەکێك لە دوا ئەڵقەکانی (زنجیرەی) گەورە پیاوانی کلتوور و ئەدەبی ئێران لەقەڵەمی دا کە دەیان هەزار لاپەڕەی خستووەتە سەر کلتووری نووسراوی ئێرانی.
عەلی دەهباشی وتی: «یونسی لە نەوەی ئەو گەورانەیە کە هەوڵەکانیان لەپێناو زیادکردنی لاپەڕەکانی زمانی ئەدەبی فارسیدا بوو... ئەوەی یونسی لە پانتایی ڕۆمان و ئەدەبی خۆرئاوادا بە زمانی فارسی ناساند، بێگومان لە بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆمان و ئەدەبی پەخشانی لە ئێراندا کاریگەرییەکی گەورەی دروستکردووە و زۆرێك لە نووسەر و چیرۆکنووسە هاوچەرخەکانمان قەرزداری ئەون». بە وتەی دەهباشی «ئیبراهیم یونسی لە یەکەمینی ئەو کەسانە بوو کە دەربارەی تیۆرییەکانی چیرۆکنووسین، کتێبی نووسیوە و کتێبی هونەری چیرۆکنووسینی ئەو هێشتا دوای ٥٤ ساڵ دەبێت بۆی بگەڕێینەوە». ئەو هەروەها وتی: «ئیبراهیم یونسی لە بواری کۆمەڵایەتی- سیاسیدا پیاوێکی نیشتماندۆست بوو، خاکی ئێرانی لێ پیرۆز بێت».



ئیبراهیم یونسیش وەك زۆرێك لە گەورە پیاوەکانی کلتووری وڵات، هەورەك لە کلتووری ئێراندا بووە بە نەریت، نەریتێك کە لە فردەوسییەوە تا هەنووکەش بەردەوامە، لە سەردەمی ژیانیدا، نە ڕێزی لێنرا و نە لە پێگەی بەرز دانرا. هەموو ئەو شتەی کە بۆی کراوە ڕێزلێنانێك بوو لە ساڵی ٢٠٠٤ لە فێستیڤاڵی چیرۆکنووسی (عەزرا) بۆ ئەو و مەحمود دەوڵەت ئابادی سازکرا و لە ساڵی ٢٠٠٢ش ئەنجومەنی بەرهەمی و شانازییە کلتوورییەکان، ڕێزی لە هەوڵەکانی ناوبراو گرت.

جارێکیش لە شەوی بوخارا، عەلی دەهباشی، بەڕێوەبەری گۆڤارەکە لەناو وەرگێڕ و نووسەرەکانی تردا ڕێزی لێگرت. سەردەمێکیش چەند بەرپرسێکی (وەزارەتی ارشاد) سەردانی ماڵەکەیان کرد و ڕێزیان لێنا. یونسی وتبووی کە نازانێت چۆن لە کاری ئەم بەرپرسانە تێبگات، لە لایەك ڕێز لە هەوڵەکانی دەگرن و لەلایەکی ترەوە کارەکانی سانسۆر دەکەن. بەشێوەیەکی گشتی لە ئاست پشتگیریی دەوڵەتدا ڕەشبین و بێهیوا بوو. بڕوای بە خەڵاتە ئەدەبییەکان نەبوو و بە ناعادیلانەی دەزانی: «بەزۆری ئەو بەرهەمانەی کە خەڵاتەکان وەردەگرن، دەخوێنمەوە، بەڵام وەك مارك تواین دەڵێت گرنگی ئەم خەڵاتانە پەیوەستە بەوەی کە چەند کەس لەدەوری خۆیان کۆدەکەنەوە. زەوی سووتاو یەکێك بوو لە پاڵێوراوەکانی ٢٠ ساڵ ئەدەبی پەخشانی ئێران. لەبیرمە قاسمعەلی فیراسەت (بەرپرسی بەشی ئەدەبیاتی پەخشانی خەڵاتەکە) شەوێك لەگەڵ ئەحمەد مەحمود هاتنە ماڵەکەم و وتیان گۆڕستانی غەریبان پاڵێوراوی خەڵاتە. بە مەحمودم وت کە خەڵات نە بە تۆ دەدەن و نە بە من و ئەوەشم پێ وت کە نەڕوات بۆ مەراسیمەکە، بەڵام ڕۆیشت و خەڵاتەکەشی وەرنەگرت».
ئیبراهیم یونسی تەنها و لە گۆشەگیرییدا مرد، هەواڵی

مردنەکەی لە ئاژانسە دەوڵەتییەکاندا بە کورتی باسکرا و تەنها چەند دێڕێك بوو. لەدوای مردنی چەند وتارێکی کورت و دووباره دەربارەی ئەو لە ماڵپەڕەکاندا نووسرا... هەرئەمە و تەواو، وەسیەتی کردبوو کە لە شارەکەی خۆی (بانە) بنێژرێت. رۆژی هەینی ٢٠٠٢/٢/٢١ وەك هەواڵەکان دەڵێن: «تەرمەکەی بە ئامادەبوونێکی فراوان و گەورەی توێژە جیاوازەکانی خەڵك و هونەرمەند و نووسەر و ئەدەبییەکان، لە گۆڕستانی (سلێمان بەگ) لە زێدی خۆی بە خاك سپێردرا».

رەنگە رۆژێك وەك رێزێك لە ماندبوونی، لە بانە یان لە تاران، شوێنێك بەناوی ئەوەوە ناوبنرێت. یان بونیادێکی رۆشنبیری ناوی ئەو لە خۆی بنێت، بەڵام تا ئەمڕۆ نە ناوێکی لەم شارەدا هەیە و نە نیشانێك.

بە خامۆشبوونی ئیبراهیم یونسی، دەنگی سەردەمی درەوشاوەی وەرگێران لە ئێرانیش خامۆش دەبێت.

گەنجینەی بەرهەمەکانی ئیبراهیم یونسی و پرسیارێك

بەرهەمەکانی ئیبراهیم یونسی نزیکەی هەشتا ناونیشانی وەرگێڕدراو و نووسراوە کە لەماوەی کەمتر لە پەنجا ساڵ، لەنێوان دوو مردندا، خولقاندوویەتی: لەو حوکمی لە سێدارەدانەی کە بوو بە زیندانی تاهەتایی و مەرگێکی ئەبەدی و بێ گەڕانەوە. پرسیارەکە ئەوەیە کە ئەگەر ئەو ئەفسەرە گەنجە لەگەڵ ئەفسەرەکانی تردا لەسێدارە درابان، بواری رۆشنبیریی ئەمڕۆی ئێران لە چ گەنجینەیەك بێ بەش دەبوو؟ و بیر لە کاروانی لەسێدارەدراوەکان بکەینەوە و ئەو تەمەنانەی کە لە تاراوگە و زینداندا تیاچوون.

سەرچاوە:
http://www.voanews.com/persian/news/Ibrahim-Younesi-Passed-away-html.١٣٩٢٣٩٢٤٣-Translation



مەراسیمی ناشتنی یونسی لە (بانە)